لەگەڵ ئەو پێداچوونەوانەی ئێستا بەڕێوە دەچن بۆ ئەوەی بەشێوەی سەربەخۆ بەدواداچوون بکرێت بۆ خەرجی و داهاتەکانی نەوت و شیرینی گرێبەستەی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان، ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز پلانی گشتگیری هەیە بۆ پێداچوونەوە بە ئەژمارەکانی سێکتەری نەوت و گاز، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١. شیکردنەوەی کەموکورتییەکانی هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سێکتەری نەوت و گاز و داڕشتنی نەخشە ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گازەوە.
٢. پێداچوونەوە بە تێچوون و خەرجیی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکاندا.
٣. پێداچوونەوە بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و شایستەکاندا بۆ هەموو کێڵگەکان بەجیا.
٤. وردبینی فرۆشراوە ناوخۆییەکان و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان.
٥. پێداچوونەوە بە فرۆشراوی بەرهەمە پاڵێوراوەکاندا.

## ٢٤–ئایا کارمەندانی کورد دەتوانن پێداچوونەوە بکەن بە سێکتەری نەوت و گاز لە داهاتوودا، یان هەر دەبێت پشت بە لایەنی بیانی وەك کۆمپانیای (دیلۆیت) ببەستین بۆ ئەو مەبەستە؟

وەك بەشێك لە گرێبەستە واژۆکراوەکان لەگەڵ کارمەندانی نێودەوڵەتی بۆ وردبینیی ژمێریاریی، و لە نێویشیاندا کۆمپانیای (دیلۆیت)، ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز بە پێویستی دەزانێت کە تیمی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان بەشداری پێ بکرێت لە زۆربەی پرۆژەکانی وردبینی و پێداچوونەوەکانی داهاتوودا، و توانا و لێهاتوویان بەرەوپێش ببرێت لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، و ڕاهێنانیان پێ بکرێت لەسەر پەیداکردنی شارەزایی لەگەڵ کەرەستە نوێیەکانی وردبینی بە باشترین شێواز.
ئەم هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و جێبەجێکردنی بەشێوەی کرداری بوار دەدات بە کارمەندانی وردبینیی کورد ببنە پێشەنگ لە زۆربەی چالاکییەکانی بواری وردبینی لە سێکتەری نەوت و گاز و لە سێکتەرەکانی تری حکومەتی هەرێمدا.
لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی وڵاتان لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ پێداچوونەوە پشت بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەبەستن، تەنانەت زۆربەی ئەو وڵاتە گەشەسەندووانەش کە کارمەندی پسپۆڕ و شارەزای باش و پێشکەوتووی بواری پێداچوونەوەیان هەیە.
بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٨، دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبرێت، یاساکە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و سنووری کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی دەستنیشان کردووە. دیوانی چاودێری دارایی دامەزراوەی سەرەکییە لە وردبینیکردن لە کەرتی گشتییدا، بە دڵنیابوونەوە لەوەی کە داهاتەکان بە شێوەیەکی تەندروست خەرج کراون.

## ٢٥. چۆن ڕاپۆرتی (دیلۆیت) دەست بخەم بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە؟

ڕاپۆرتەکەی (دیلۆیت) بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی نووسراوەتەوە، و بۆ زانیاری زیاتر و دەستخستنی ڕاپۆرتەکە، لەم لینکەوە سەردانی وێبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکە: http://cabinet.gov.krd/





# داهاتووی سێکتەری نەوت لە هەرێمی کوردستان

• پارەی دراو بە لایەنی سێیەم لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان (بە دۆلاری ئەمریکی)
• پارەی دراو بە پارێزگای کەرکوک لە بەرامبەر نەوتی بەرهەمهێنراو لەو پارێزگایە (پارەی پترۆ دۆلار) (بە دۆلاری ئەمریکی)
• پارەی دراو بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرجی تێچوونەکانی بواری پاراستنی ئاسایشی دامەزراوە نەوتییەکان (بە دۆلاری ئەمریکی)
• پارەی دراو بە کۆمپانیای دانا گاز (بە دۆلاری ئەمریکی)
• پوختەی پارەی نەختی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوت لەم ماوەیەدا (بە دۆلاری ئەمریکی)
• پارەی پێشەکی نوێی وەرگیراو لە کڕیاران لە بەرامبەر فرۆشتنی بەرهەمەکانی داهاتوو پێیان (بە دۆلاری ئەمریکی)

جێی ئاماژەیە کۆمپانیای (دیلۆیت) هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر داتاکانی بەرهەمهێنانی نەوت لەم ماوەیەدا نەخستووەتە ڕوو، بە مەبەستی چاوڕوانی پاکتاوکردنی ئەژماری بەرهەمەکانی نەوت بۆ ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦.

## ١٨ – بۆچی پێداچوونەوەکەی (دیلۆیت) زۆر بە گرنگ دادەنرێت؟

ڕاپۆرتەکانی پێداچوونەوەی (دیلۆیت) گرنگییەکی بەرچاویان هەیە لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجارە لەلایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی سەربەخۆوە بە شێوەیەکی فەرمی پێداچوونەوە بکرێت بە داتاکانی بەرهەمی نەوت و هەناردەکردن و بەکارهێنان و داهاتەکانی نەوت لە هەرێم، ئەمەش بوار بۆ هاووڵاتییان دەڕەخسێنێت بە وردی چاودێری داهاتەکانی نەوت بکەن، و بە ڕوونی ژمارەکان لەسەر گەورەترین ئاستی هەناردەی داهاتەکان لە هەرێم ببینن.
ئاشکرایە کە شەفافیەت هۆکاری گەیشتنە بە ئامانج، و حکومەتی هەرێم کار دەکات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هەستی لێپرسراوێتی، داوا لە دەستە و ڕێکخراوەکانیش دەکات لە حکومەتەکەیان بپرسنەوە و داوای چۆنێتی بەڕێوەبردنی داهاتی گشتی بکەن، هەروەها هاوکار بن بۆ پێکهێنانی قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی تیایدا هاووڵاتییان ئەرک و بەرپرسیارێتییان پارێزراو بێت.

## ١٩. پێداچوونەوە بە داهاتەکان و ئەنجامەکانی چ بەرژەوەندییەکی هاووڵاتییانی کوردستانی تیادایە؟

پرۆسەی پێداچوونەوەی ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی هاووڵاتییانی کوردستانە، و بوار دەدات بەوەی کە زانیاری تەواویان لەسەر داهاتە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم دەست بکەوێت و هاوکاریان دەبێت بۆ ئەوەی لێپرسینەوە بکەن لەگەڵ بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان لەبارەی چۆنێتی خەرجکردنی داهاتەکان یان بەگەڕخستنی، ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەسەڵاتی دیموکراسیدا یەکدەگرێتەوە بەو جۆرەی کە هاووڵاتییانی کوردستان هیوای پێ دەخوازن.
لەوەش زیاتر، پرۆسەی پێداچوونەوە ئەو هاووڵاتییانە دڵنیا دەکاتەوە کە جۆرێک لە بێ متمانەییان هەیە یان دوودڵن لە کاری حکومەت، تا گومانەکانیان بڕەوێتەوە و هەست بە دڵنیایی بکەن کاتێک دەزانن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی سەربەخۆی پسپۆڕ لەو بوارەدا پێداچوونەوەی ئەنجام داوە و لە ڕاستی ژمارەکانی کۆڵیوەتەوە بە تایبەتی ئەو پێداچوونەوانە ئاماژەیەکی ئەرێنین بۆ وەبەرهێنە نێودەوڵەتییەکان و هانیان دەدات کە لە سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا سەرمایەگوزاری بکەن، و هەلی کار بڕەخسێنن و لایەنی ئابووری بەرەوپێش بەرن.
هەروەها پێداچوونەوەی کۆمپانیای (دیلۆیت) بە ڕاپۆرتەکاندا دەرگا واڵا دەکات بە ڕووی دانانی پێوەری بنچینەیی لە ناوچەکەدا سەبارەت بە گرنگی و بایەخی پێداچوونەوە و چاوخشاندنەوە تا چەند پێویستن، لەگەڵ ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی کەرتی خزمەتگوزاری مەدەنی ئاشنا دەکات بە نوێترین تەکنۆلۆژیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە ئەژمارەکاندا و بنیاتنانی تواناکانیان بۆ ئەوەی ئاستی شارەزاییەکانیان لەو بوارەدا بگوازنەوە بۆ ئەوانی تر لە ڕێی کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.



## ٢٠ – ئایا پێداچوونەوەی سەربەخۆی هاوشێوە لە مانگەکانی داهاتوودا ئەنجام دەدرێن، یان پێداچوونەوەکە تەنها بۆ یەک جارە؟

بە دڵنیاییەوە پێداچوونەوەی کۆمپانیای (دیلۆیت) بۆ یەک جار نییە، ژمارە فەرمی و وردبینکراوە سەربەخۆکان لەسەر کەرتی نەوت و گاز بەردەوام بڵاودەکرێنەوە. هەر کە کۆمپانیای (دیلۆیت) گەیشتە ئەنجامی کۆتایی لە پێداچوونەوە بۆ چارەکی سێیەمی ساڵی ٢٠١٧، ئەوا ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکاتەوە یان لەگەڵ ڕاپۆرتی چارەکی چوارەمدا بڵاوی دەکاتەوە. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، ڕاپۆرتی یەکەمی (دیلۆیت) بۆ ماوەی (٦) شەش مانگی یەکەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە داهاتوودا ڕاپۆرتەکان مانگانە یان وەرزانە بڵاو دەکاتەوە، بە پشتیوانی هەر میکانیزمێک کە خێراتر ئەنجامەکان بدات بەدەستەوە.
لەوەش زیاتر کۆمپانیای (دیلۆیت) ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکات بە سەرجەم ژمارەکانی ساڵانی ڕابردووشدا و دڵنیا ببێتەوە لە ڕاستی و دروستییان، بۆ ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦.

## ٢١- ڕۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چییە لەم پرۆژەیەدا؟

ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی کردووە بە سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا، و دەسەڵاتی باڵا و بەرپرسیاری یەکەمە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وردبینیدا. لەسەر ئەو بنەمایە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمپانیاکانی وردبینی ئەژمارەکاندا نییە، بەڵکو تەنها وەک هاوبەشێکی سەربەخۆی گرنگ مامەڵە دەکات.
ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز پێکهاتووە لە چەندین کەسایەتی سیاسی جیاواز لە حزبەکانی کوردستان، بۆیە نوێنەرایەتی پاراستنی بەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێم دەکات. هەروەها کار لەسەر ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی کۆمپانیاکان دەکات و زۆر بە وردی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و چارەسەری کەموکورتییەکان دەکات لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکاندا بۆ ئەوەی بە شێوازێکی خێرا و پیشەییانە و بە ڕوونی ئامادە بکرێن.

## ٢٢- ئایا پێداچوونەوە دەکرێت بە شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریان دەگرێت لە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان؟

بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە داهاتی فرۆشتنی نەوت، پاداشتی واژۆکردن و بەرهەمهێنانیان لە گرێبەستە نەوتییەکان وەردەگرێت وەک لە برگەی (٣٠) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا ئاماژەیان پێدراوە کە بە (شیرینی) ناودەبرێن. ئێستا هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتی شیرینی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان دراوە بە کۆمپانیای وردبینی نێودەوڵەتی (EY). پێداچوونەوەکە شیرینی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش پشتڕاست دەکاتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەرگیراوە و مافی حکومەت لەو شیرینییانە و چۆنێتی خەرجکردنی ئاشکرا دەکات. (EY) ڕاپۆرت لەسەر داهات پێشکەش دەکات و تیایدا ئاماژەش بەو تێبینییانە دەدات کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی ئەو داهاتانەوە هەیە کە وەرگیراون. لەلایەن کۆمپانیای (EY) داوای زانیاری لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە بۆ ئەوەی دەستبکرێت بە پێداچوونەوە و چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕاپۆرتی وردبینی لەم بارەیەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی هەرێمی بکرێت و دواتریش بخرێتە بەردەم ڕای گشتی.

## ١٤. ئایا لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆ و متمانەپێکراوەوە پێداچوونەوە دەکرێت بە ڕاستی و دروستی ئەو ژمارانەی بڵاودەکرێنەوە و پەیوەندییان بە سێکتەری نەوتەوە هەیە؟

چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەستکراوە بە کۆکردنەوەی ئەو ژمارانەی ئەژمار کراون و پەیوەندییان بە کەرتی نەوتەوە هەیە و لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕاستی و دروستی ژمارەکان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش، هەردوو کۆمپانیای (دیلۆیت) و (EY)ی نێودەوڵەتی کە پێشڕەون لە بواری وردبینی ڕاسپاردووە بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێداچوونەوە بکەن بۆ لایەنە سەرەکییەکانی ئەو سێکتەرە، و لە بەشی یەکەمدا پشتڕاستکردنەوەی ئەو ژمارانەی کە پەیوەستن بە بەرهەم و هەناردەکردن و بەکارهێنان و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان کراوە، لە ڕێکەوتی ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ بۆ ٣٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵ.

مەبەست لە ڕاسپاردنی کۆمپانیای (دیلۆیت) بۆ دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە سەرجەم ژمارە ڕاگەیەنراوەکان بە وردی لەلایەن دەزگایەکی سەربەخۆ و باوەڕپێکراوەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت کە هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی نییە، و پسپۆڕ و شارەزایە و بەناوبانگە و دەتوانێت ببێتە جێی متمانەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

## ١٥. (دیلۆیت) کێیە و بۆچی بۆ ئەم پێداچوونەوەیە دەستنیشان کراوە؟

کۆمپانیای (دیلۆیت تۆش تۆهماتسۆی سنووردار)، کە ناسراوە بە (دیلۆیت)، یەکێکە لەو «چوار گەورە» کۆمپانیایەی بواری ژمێریاری و وردبینی کە گەورەترین تۆڕی خزمەتگوزاری جیهانین لە بواری ئەژمارکردنی داهات و ژمارەی کەسانی پسپۆڕەوە. لەگەڵ زیاتر لە ٢٤٤,٤٠٠ ئەندامی پسپۆڕ لەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزاری لە بواری وردبینی و باج و ڕاوێژکاری و ڕاوێژکاری دارایی و ڕاوێژکاری پەیوەندیدار بە کاری سەرکێشی و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان لە زیاتر لە ١٥٠ وڵات و ناوچەی جیاجیا پێشکەش دەکەن، (دیلۆیت) کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراوە لە سەرتاسەری جیهان و وەك پێوەر و خاوەن بڕیار لە بواری کارەکەیدا پشتی پێ دەبەسترێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بە بڕیاری (ژمارە ٧٣) کە لە ٣ی شوباتی ٢٠١٦ دەرچووە، کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بواری وردبینی ڕاسپارد بۆ پێداچوونەوە بە سێکتەری نەوت و گاز لە هەرێم و ئاشکراکردنی ئەنجامەکەی لە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە شەفافیەت و خواستی حکومەت بۆ پتەوکردنی متمانەی خەڵك بە سێکتەری نەوت و گاز، و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەرەوپێشبردن و چاکسازیی لە سامانی گشتی سەرچاوەی گرتووە. جگە لەوەش جێبەجێکردنی بڕگەی (شەشەم)ە لە ماددەی ١٥ لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ کە تایبەتە بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە دەخوازێت پێداچوونەوە بکرێت بە داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان و بخرێتە بەردەم ڕای گشتی، لە هەمان کاتدا سندوقی داهاتی نەوت و گاز بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات بە پێی پرەنسیپ و پێوانەی دەستپێشخەریی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت لە بواری پیشەسازییە دەرهاتووەکان ((Extractive Industries Transparency Initiative (EITI)) کە لە بەندی ٤ - ٩ی دەستپێشخەرییەکەدا هاتووە:

- پێویست دەکات خەرجی و داهاتەکان لەلایەن دامەزراوەیەکی متمانەپێکراوی سەربەخۆوە بەراورد بکرێن (مطابقة) کە پێوەرەکانی وردبینی نێودەوڵەتی پیادە دەکات، و ڕای ئەو دامەزراوەیەش بڵاوبکرێتەوە سەبارەت بە بەراوردکردنەکە بە دەرخستنی دەرئەنجامەکان.
- پێویستە بەراوردکردن (مطابقة) ئەنجام بدرێت لە نێوان شایستەی خەرجکراو بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان لەگەڵ داهاتی بەدەستهاتوو بۆ حکومەت لەلایەن دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کە پێوەرە پیشەییە نێودەوڵەتییەکان پیادە دەکات.

سەرەڕای ئەوەش، ماددەی ٧ لە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێویستە سەرجەم داتاکانی تایبەت بە ژمێرە و چالاکییەکانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان ئاشکرا بکرێن و لەلایەن کۆمپانیای ژمێریاریی جیهانیی لێهاتوو و متمانەپێکراو پێداچوونەوەیان پێدابکرێت و ئەژمێرەکانیان وردبینی بکرێنەوە، هەروەها پێویستە چالاکی و ڕاپۆرتی کۆمپانیاکانی ژمێریاریی جیهانی بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران.



سەرەڕای ئەوەش، لە بڕگەی (٤)ی ماددەی (٧)ی ئاماژەپێدراوی سەرەوەدا هاتووە کە پێویستە ستاندەردی ژمێریاریی پەیڕەوکراوی جیهانی جێبەجێ بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکاندا.

حکومەتی هەرێم کۆمپانیای (دیلۆیت)ی هەڵبژارد لەسەر بنەمای تەندەرێن بە کەمترین نرخ و بە پێی بڕیاری ژمارە (٧٣)ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە بەرواری ٢٠١٦/٢/٣ دەرچووە و تیایدا داوا کرابوو پێداچوونەوەیەکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت لەلایەن «هەر چوار گەورە کۆمپانیاکە»: (دیلۆیت، PwC، EY و KPMG) کە پێشنیارە هونەری و داراییەکانیان پێشکەش بکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتییە وردەکانی بانکی نێودەوڵەتی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ڕوون و بە پێی پێوەرە سەرەکییەکانی کارکردن کۆمپانیایەك بۆ ئەو پڕۆژەیە دەستنیشان بکرێت.

## ١٦. پێداچوونەوەی کۆمپانیای (دیلۆیت) بۆ داتاکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟، و ئەو ڕێوشوێنانە چین کە گیراونەتەبەر بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە پێداچوونەوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجام دراوە؟

کۆمپانیای (دیلۆیت) لەسەر داوای ڕاستەوخۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوەی کردووە بە داتاکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆ سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ لە بواری هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی خاو لەگەڵ داتای ئەو داهاتانەی کە لە خشتەی ژمارە (١) لە ڕاپۆرتەکەدا خراوەتەڕوو. لە کاتی پێویستیشدا کۆمپانیای (دیلۆیت) بەڵگەنامەی زیاتری دەستخستووە و کۆبوونەوەی جۆراوجۆری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کردووە بۆ بەدواداچوونی زیاتر لەسەر داتاکانی نەوت.

(دیلۆیت) ڕاستەوخۆ چاوی کەوتووە بە چەندین کەسایەتی پەیوەندیدار بە بواری نەوت بۆ لێکۆڵینەوە و وردەکاری زیاتر لەسەر ئەو زانیارییانەی لە خشتەی ژمارە (١)دا ئاماژەیان پێکراوە بە بێ ئەوەی بۆ هەموو داواکارییەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز (RCOGA) یان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. ئەمەش وایکردووە کە پێداچوونەوە بە ڕاستی و دروستی هەموو زانیاری و داتاکانی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە بچێت.

## ١٧. ئەنجامی کۆتایی پێداچوونەوەکەی کۆمپانیای (دیلۆیت) چی بوو؟

پێداچوونەوەکەی کۆمپانیای (دیلۆیت) زیاتر سەرنجی خستە سەر هەناردەکردن و بەکارهێنان و داهاتەکانی نەوتی هەرێم، لەگەڵ ڕاپۆرتی یەکەم کە (لە بەرواری ١ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ تا ٣٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵ)، واتا (نیوەی یەکەمی ٢٠١٧) ئامادە کرابوو. ژمارەکان لەسەر بنەمای پێداچوونەکەی (دیلۆیت) لە خشتەی ژمارە (١)ی ڕاپۆرتەکەدا خراوەتەڕوو کە تایبەتە بەم بوارانەی خوارەوە:

### هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی خاو:

- نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەکانی نەوتەوە. (بە بەرمیل)
- نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی تانکەرەوە. (بە بەرمیل)
- ڕادەستکردنی نەوتی خاو بە پاڵاوگەکان بەپێی گرێبەستی پاڵاوتن. (بە بەرمیل)
- نەوتی خاوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت. (بە بەرمیل)
- نەوتی فرۆشراو و ئاڵوگۆڕپێکراو لە ناوخۆدا. (بە بەرمیل)

### شیکاری داهاتی نەوتی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەکانی نەوتەوە:

- پوختەی ئەو نەوتەی ڕادەستی کڕیاران کراوە. (بە بەرمیل)
- کۆی گشتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بە دۆلاری ئەمریکی)
- تێکڕای نرخی هەر بەرمیلێك ($/ بەرمیل)

### شیکاری داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێی تانکەرەوە:

- پوختەی ئەو نەوتەی ڕادەستی کڕیاران کراوە. (بە بەرمیل)
- کۆی گشتی نەوتی خاوی فرۆشراو (بە دۆلاری ئەمریکی)
- تێکڕای نرخی هەر بەرمیلێك ($/ بەرمیل)

### مامەڵە داراییەکان:

- گۆڕینی ئەژمێری بانکی کڕیاران بێجگە لە پارەی پێشەکی نوێ (بە دۆلاری ئەمریکی
- سوود و ڕسوماتی تر لە کڕیارانەوە (بە دۆلاری ئەمریکی)
- پارەی دراو بە بەرهەمهێنەرانی نەوت لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان (بە دۆلاری ئەمریکی)

## ١٣. چۆن کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان (IOC) سوود دەگەیەنن بە ئابووریی ناوخۆی کوردستان؟

• **بەرهەمهێنانی نەوت:** کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت. توانا و شارەزایی تەکنۆلۆژیا و توانای هونەری و ئەزموونی جیهانی و توانای دارایی بەهێز و سەرچاوەی دارایی کۆمپانیاکان هۆکارن بۆ ئەوەی نەوت بە هەرزانترین نرخ بەرهەم بهێنن بێ ئەوەی حکومەت ناچار ببێت ڕاستەوخۆ پارەیەکی زۆر خەرج بکات بۆ دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی ژێرخان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

• **هەلی کار:** بەپێی نوێترین زانیاری ورد، کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە ٤,٥٠٠ کارمەندیان لە کوردستان دامەزراندووە، کە ٦٣٪ی ئەو کارمەندانە (یان زیاتر لە ٢,٨٠٠ کەسیان لە ناوخۆی هەرێمن. کارمەندە ناوخۆییەکان هەر کرێکارە لێهاتووەکان نین بە تەنها، بەڵکو بەرپرسانی باڵای جێبەجێکردن و بەڕێوەبەری گشتی و کارگێڕی و چەندین ئاستی تریش دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ گەشەسەندنی توانای بەرهەمهێنان لە ناوچەکەدا، هێزی کاریش فراوانتر دەبێت. دەستەی بەڕێوەبردنی ڕاهێنانی کارمەندان بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان پێشبینی دەکات کە لەگەڵ هەر زیادبوونێك لە توانای بەرهەمهێنان، نزیکەی (٢٠٠) هەلی کاری نوێ بۆ هەر (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا دەستەبەر دەبێت.

• **گواستنەوەی زانیاری:** کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی بۆ وەبەرهێنە ناوخۆییەکان، و هاوکارن لە گەشەپێدانی پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان و بوار بۆ هەرێم دەڕەخسێنن تواناکانی خۆی بنیات بنێت.

• **وەبەرهێنان:** کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بە بڕە پارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن، جا ئەو وەبەرهێنانانە لە بواری بنیاتنان و بەگەڕخستنی ژێرخانی نەوت و گاز بێت یان لە بواری بەرهەم و خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان یان بۆ بواری نیشتەجێکردن بێت، یان بۆ خەرجی بە هەزاران کارمەند بێت. لە بەرامبەردا ئەم سیستمە ئایکۆلۆجییە قازانجێکی زۆر بە ئابووری ناوخۆیی دەگەیەنێت، و هاندەر دەبێت بۆ چالاکییە ئابوورییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار.

• **باج و پێدانی پارەی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان:** سەرەڕای هەندێك لە باجە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێژەی ١٠٪ ڕسوماتی جۆراوجۆری تایبەت بە لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان دەدەن بە حکومەتی هەرێم. ڕێژەی زۆری ئەم ڕسوماتە بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دانیشتوانی ئەو ناوچانە تەرخان دەکرێت کە نەوتیان تیادا دەردەهێنرێت. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەسەر پارەدانی کۆمپانیاکان لە بواری لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی و نموونەیەکی ڕوون لەو بارەیەوە، سەردانی ئەم لینکە بکە:

http://mnr.krg.org/index.php/en/the-ministry/contracts/new-psc





## پێداچوونەوە بە بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان و هەناردەکردن و بەکارهێنان و داهاتەکانی نەوت

## ٩. چۆن داهاتی نەوت ئەژمار دەکرێت؟

داهاتی نەوت بریتییە لە پارەی نەوتی فرۆشراوی هەناردەکراو لە پاش دەرکردنی ڕسوماتی بۆرییە نەوتەکان و ڕسوماتی عەمبارکردن و پێدانی پارە بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش و خەرجی گواستنەوەی نەوتی خاو بە تانکەر لە کێڵگە نەوتییەکانەوە بۆ دەروازەی ڕۆکردنی بۆرییە نەوتەکان، بۆ نموونە، خەرجی گواستنەوە لە کێڵگەی نەوتی شێخان-ەوە بەرەو تورکیا. بێجگە لە پارەی نەوتی فرۆشراوی هەناردەکراو لەگەڵ شیرینی گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان (IOC)، داهاتی نەوت پارەی نەوتی فرۆشراوی ناوخۆ و بەرهەمە پاڵێوراوەکانیش دەگرێتەوە.

## ١٠. بۆچی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نرخی کەمتر لە نرخی نەوتی خاوی برنتی جیهانی دەفرۆشرێت؟

چەندین هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر نرخی نەوت، کە تەنها بریتی نییە لە «خواست و خستنەڕوو» یان گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە، بەڵکو پەیوەندیشی بە کوالێتی نەوتەوە هەیە.
لە ڕاستییدا، جۆری نەوتی بەرهەمهاتوو لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی تر یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازە، گرنگترین جیاکارییەکانی کوالێتی بریتییە لە چڕی نەوت و ڕێژەی کبریت تیایدا. چڕی نەوت بەپێی قورسی و سووکی یان بەپێی ڕێژەی کبریت تیایدا لێکدەدرێتەوە کە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، پێیان دەوترێت: (نەوتی شیرین) و (نەوتی ترش). ئاشکرایە نەوتی خاوی سووک، ڕێژەی کبریت تیایدا کەمە (واتا ترشێتی کەم بێت) نرخەکەی زیاترە لە نەوتی خاوی قورس، ڕێژەی کبریت تیایدا زۆرە، بەشێك لەو جیاکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەوتی خاوی سووك ئاسانتر ئامادە دەکرێت.
سەبارەت بە نەوتی هەرێمی کوردستان، بڕێکی زۆری پێکهاتووە لە نەوتی جۆری قورس و ترش، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە نرخێکی هەرزانتر بفرۆشرێت. هەروەها ڕکابەرییش لە بازاڕی نەوتدا هۆکارێکی ترە بۆ دابەزینی نرخی نەوت، و ناکۆکییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و ئەو جۆرە هەناردەکردنە سنووردارەی هەرێمیش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕکابەری زیاتر بکات و بەرهەمی نەوت بفرۆشێت و بیکاتەوە بە پارە.

## ١١. بۆچی جیاوازی هەیە لە نێوان داهاتی نەوتی ئاشکراکراو لەلایەن حکومەتی هەرێم و نرخی سەرجەم ژمارەی بەرمیلی نەوتی هەناردەکراو کە لێك دەدرێت لە نرخی بەرمیلێك نەوت؟

جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ نرخی نەوتی خاوی فرۆشراو لە نێوان ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە و ئەوەی کە بە نەختی وەریگرتووە، پێش ئەوەی پارە نەختینەکە بگاتە دەستی حکومەتی هەرێم چەند خەرجییەکی تری لێ دەردەکرێت کە بریتیین لە ڕسوماتی بۆرییە نەوتییەکان و ڕسوماتی تێرمیناڵی بارکردن، و ئەو پارانەی دەدرێنە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش و خەرجی گواستنەوەی تانکەرەکان.
(بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی چۆنییەتی ئەژمارکردنی داهاتی نەوت، تکایە سەیری پرسیار و وەڵامی ژمارە ٩ بکە).



## ١٢. داهاتی نەوت چۆن خەرج دەکرێت؟

داهاتی نەوتی بەدەستهاتوو بەپێی بودجەی ساڵانەی دیاریکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خەرج دەکرێت، بەپێی ئەولەویات و پێداویستیی ناوچەکان.
نزمیی نرخی نەوت لە سێکتەرێکی گەورەی وەك نەوت و گاز ئەوە دەگەیەنێت کە داهاتی نەوت لەم ساڵانەی دوابییدا بە تەواوی بۆ مووچەی زیاتر لە ١،٢ ملیۆن هاووڵاتیی مووچەخۆر لە فەرمانبەری کەرتی خزمەتگوزاری مەدەنی و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خانەنشینان و سوودمەندانی تەرخانکراوی چاودێری کۆمەڵایەتی خەرج کراوە. پلانی حکومەتی هەرێم سەرلەنوێ داڕشتنەوە و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی کەرتی گشتی و چاکسازیکردنە لە داهاتە نا نەوتییەکاندا بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە مووچە دابین بکرێت و بەشی زۆری داهاتی نەوتیش بۆ هەمەجۆرکردنی بواری ئابووری و بەهێزکردنی ئەو سێکتەرانە تەرخان بکرێت کە خۆیان داهاتیان هەیە، وەك: کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار.
داهاتی نەوت سنووردارە و نرخی نەوت ناجێگیرە، بۆیە تەنها لە ڕێی هەوڵەکان بۆ پشت نەبەستن بە داهاتی نەوت دەتوانین ئامانجی ڕاستەقینەی خۆمان بپێکین کە بریتییە لە کوردستانێکی جێگیر.

## ٣. لەسەر چ بنەمایەکی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆریی نەوتی هەرێمی کوردستان؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٢ و لە دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی لە مانگی شوباتی ٢٠١٤، بڕیاریدا بە هەناردەکردن و فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوت بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆران و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەویش لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە (مستحقات) داراییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان کە تیایدا هاتووە: (پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ئەو ڕێکارانەی بە گونجاویان دەبینێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی بگرێتەبەر، لە نێوانیشیان دا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و گاز بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم ئەو بەرکەوتانە (مستحقات) کەوا حکومەتی ئیتیحادی خۆی دەگرێت لە دانەوەیان، چ بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە بێت یان لە دوایی و ئاگادارکردنەوەی پەرلەمان لێیەوە).

## ٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە چەند بەرمیل نەوت دەفرۆشێت؟

بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ڕێژەی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێم دەیفرۆشێت لە هەر ماوەیەکدا جیاوازە، لەوانە: ئاستی دەرهێنانی نەوت و ڕێژەی عەمبارکردن و بوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی نەوت لە ناوخۆدا، هەروەها ئاستی بەکارهێنانی لە سێکتەرەکەدا و پاڵاوتن و چارەسەرکردنەوەی نەوتی بەفیڕۆچوو، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بازرگانی، و گرێبەستە واژۆکراوەکانی فرۆشتنی نەوت.
لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی گشتیی کۆمپانیای (دیلۆیت)ی نێودەوڵەتی بۆ وردبینی، ئاماژە بەو ماوەیە دەدات کە نەوتی تیادا هەناردە کراوە و ڕاپۆرتەکەی تیادا ئامادە کراوە (واتا ڕاپۆرتی ٦ مانگی یەکەم لە ساڵی ٢٠١٧)، جا ئەو نەوتە بە بەرمیل لە ڕێی بۆرییە نەوتەکان یان لە ڕێی تانکەرەکانەوە هەناردە کرابێت. (تکایە بڕوانە خشتەی ژمارە (١)ی ڕاپۆرتی دیلۆیت). هەروەها دەتوانیت تێکڕای ژمارەی بەرمیلە نەوتی هەناردەکراو و بەکارهێنراو دەربکەیت بە دابەشکردنی بەرمیلە نەوتەکان بەسەر ژمارەی ڕۆژەکانی ئەو ماوەیەی کە ڕاپۆرتەکە دەیگرێتەوە.

## ٥. ئایا بەرهەمی نەوتی هەرێم هەر هەناردە دەکرێت، یان لە ناوخۆشدا بەکاردەهێنرێت؟

بەرهەمی نەوتی هەرێم هەناردە دەکرێت و لە ناوخۆشدا بەکاردەهێنرێت. نەوت لە ناوخۆدا «بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە» بەشێوەی (کیرۆسین/ گازی شل)، یان بۆ «بەرهەمهێنانی پیشەسازی» (فیوڵ ئۆیڵ/ نەفتا)، یان بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا (دیزڵ) بەکاردەهێنرێت.
بە مانایەکی تر، بەشێك لە نەوتی بەرهەمهێنراو لە کوردستاندا بۆ پێداویستی ناوماڵ و کۆمپانیاکان و کارگەکان و سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاردێت، بەشێکی زۆریشی لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا دەفرۆشرێت و دەبێتە دابینکەری ئەو داهاتەی کە هەرێم زۆر پێویستی پێیەتی بە تایبەتی بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە لە مانگی شوباتی ٢٠١٤.



## ٦. چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت هەناردە دەکات؟

نەوتی هەرێمی کوردستان بە دوو شێواز هەناردەی دەرەوە دەکرێت:
- لە ڕێی ئەو بۆرییە نەوتانەی کە دەگەنە تورکیا.
- لە ڕێی ئەو تانکەرانەی کە نەوت بە وشکانیدا دەگوێزنەوە بەرەو تورکیا.

هەر کە نەوتی هەرێم دەگاتە تورکیا، دەفرۆشرێت بە کڕیاران لە هەموو وڵاتانی جیهان و پاشان لە ڕێی ئاوەوە دەگوازرێتەوە.

## ٧. مەبەست لە "ئاڵوگۆڕی بازرگانی" چییە؟

ئاڵوگۆڕی بازرگانی جۆرێکە لە جۆرەکانی بازرگانیکردن، تیایدا بەشێك لە داهاتی نەوتی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ گۆڕینەوەی بە نرخی بەرهەمەکان یان بە خودی بەرهەمەکان.
بۆ نموونە، بۆ دابینکردنی بڕی پێویستی دیزڵ بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە هەرێم، هەندێك جار حکومەتی هەرێم نەوتی خاو دەدات بە بازرگانەکانی ناوخۆ لە بەرامبەر دابینکردنی دیزڵ و گواستنەوەی بە تانکەر بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە یان هەر بەرهەمێکی تر بەرامبەر بە نەوت.
لە سوودەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەوەیە کە پاشەکەوتی پارە دەکات لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەوەی بتوانێت مووچە و خەرجییەکانی کەرتی تەندروستی و فێرکردن و کارەبا یان خەرجییە لەپێشینەکانی تری پێ دابین بکات.

## ٨. مەبەست لە "گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (PSCs)" چییە و چۆن کار دەکات؟

بەپێی بەشی (دەیەم) لە (یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧)ی تایبەت بە یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بە ناونیشانی (گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان) کە پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٦ پەسەندی کردووە، هەرێمی کوردستان شێوازی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش پەیڕەو دەکات بۆ دۆزینەوە و گەشەپێدانی سێکتەری نەوت و گاز. لە یاسای نەوت و گاز (لە ماددەی ٣٧ی یاساکەدا) بە ڕوونی تیشك خراوەتە سەر پرەنسیپی ئەو گرێبەستانە. ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشدارن لەم جۆرە گرێبەستەدا بەشدار دەبن لە قازانج و زیاندا بەهۆی خەرجییەکانیان لە دۆزینەوەی نەوت و گازدا، و کۆمپانیاکان کاتێك خەرجییەکانیان وەردەگرنەوە کە بگەنە بیرێکی نەوت کە بە لایەنی کەم ڕۆژانە پێنج هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت بە بەردەوامی لە ماوەی ١٢ مانگدا. بە پێچەوانەوە، ئەوا تەنها کۆمپانیاکە بەرپرسیارێتی زیانەکان دەگرێتە ئەستۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی هەڵناگرێت .
لە کاتی بازرگانیکردن بە بەرهەمەکانی نەوت و گازەوە، ڕێژەیەکی دیاریکراو لە بەرمیلە نەوت بۆ گێڕانەوەی (خەرجی دەرهێنانی نەوت)ی کۆمپانیاکان تەرخان دەکرێت، ئەو ڕێژە بەرهەمهاتووەش کە دەمێنێتەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکاندا (IOC) دابەش دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوازی دابەشکردنی بەرهەمەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئەم لینکە بکە:
http://mnr.krg.org/index.php/en/the-ministry/contracts/new-psc

## ١.مەبەست چییە لە ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (RCOGA)؟

ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای «یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق» (یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧) دامەزراوە.

- ئەرکەکانی ئەنجومەنی هەرێمیی بریتین لە:

١. دارشتنی بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی نەوت، و پلانی گونجاو و گەشەپێدانی کێڵگەکان و هەر هەموارکردنێك لەو بنەمایانەدا ئەنجام بدرێت لە هەرێمدا.
ب. پەسەندکردنی گرێبەستە نەوتییەکان.
ج. سنووردانان بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە ناوچەکەدا بەپێی بەندەکانی ماددەی ١١٢ لە دەستوری فیدراڵی.

- ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز پێکهاتووە لە:

• سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەك سەرۆکی ئەنجومەن
• جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەن
• وەزیری سامانە سروشتییەکان، وەك ئەندامی ئەنجومەن
• وەزیری دارایی و ئابووری، وەك ئەندامی ئەنجومەن
• وەزیری پلاندان، وەك ئەندامی ئەنجومەن

بەهۆی گرنگی و بایەخی سێکتەری نەوت لە بواری ئابوری کوردستاندا، ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز وەك باڵاترین دەسەڵات کار دەکات لە ڕێکخستنی سێکتەرەکەدا و بە شێوەیەکی ستراتیژی چاودێری کاروباری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکات، و هاوکار دەبێت لەسەر دامەزراندنی ڕێوشوێنێکی هاوسەنگ و بێ کەموکورتی کە ڕێ بۆ شەفافیەت و لێپرسینەوە خۆش دەکات، تا زیاتر چاودێری بکرێت و بڕیاری بە کۆمەڵ و وردتریان لێ بدرێت.

## ٢. جیاوازی چییە لە نێوان بەرپرسیارێتییەکانی ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان؟

یاسای نەوت و گاز بە دەقی ڕوون و ئاشکرا ئەرك و بەرپرسیارێتی هەر یەکە لە ئەنجومەنی هەرێمیی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی لە یەکتر جوداکردۆتەوە، بەپێی ماددەی (پێنجەم) لە یاساکە ئەنجومەنی هەرێمیی بەرپرسە لە داڕشتنی سیاسەتی سێکتەری نەوت و گاز و پەسەندکردنی گرێبەستەکان، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەپێی بەشی (چوارەم) لە یاساکە (ماددەکانی شەشەم تاوەکو نۆیەم) لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە لە بەرواری (٩)ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەرپرسە لە گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکان لە هەرێم.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گفتوگۆ و ڕێککەوتن ئەنجام دەدات و گرێبەستی نەوتی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا واژۆ دەکات کە دەیانەوێت لە بواری دۆزینەوەی هایدرۆکاربۆنات و کانزاکانی تردا سەرمایەگوزاری بکەن لە هەرێمدا. هەروەها وەزارەت مۆڵەت دەبەخشێت بە گواستنەوە و عەمبارکردنی کەرەستەکانی ژێرخان و پرۆسەی بەرهەمهێنانی هایدرۆکاربۆن و کانزاکان، لەگەڵ پرۆسەی پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی پترۆکیمیاوی و خستنەبازاڕیان و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی هەموو مۆڵەتەکان بەو مەرجەی پێشتر لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمییەوە پەسەند کرابێت.

ڕۆڵی ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز بریتییە لە دەستەبەرکردنی چاودێری و دانانی سیاسەتی گشتی بۆ سێکتەرەکە و پەسەندکردنی گرێبەستە سەرەکییەکان، لە کاتێکدا ڕۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بریتییە لە جێبەجێکردن و پیادەکردنی سیاسەتی سێکتەری نەوت و گاز بەتەواوی و بەو جۆرەی بڕیاری لێ دراوە، هەروەها گەشەپێدانی سێکتەرەکە و واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ پێدانی مۆڵەت.





# سەرنجێکی گشتی لەسەر سێکتەری نەوت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان